# ئاپارتایدی نەتەوایەتی تا کەی؟  (بەشی سێهەم)



**ئەیوب ڕەحمانی**
rahmayub@yahoo.de

**لە بەشی دوی ئەم باسەدا، چیرۆکی بە سەر هاتی کورد و بۆچی کورد بە ماف و ئارەزوە ڕەواکانی خۆی نەگەیشتوە-م لە بۆچون و جیهانبینی خۆمەوە بۆ باس کردن. دیارە شەرت نیە ئەو بەسەرهاتە دەقاودەق وا بێت، بەڵام بە کۆ ئەگەر چاو لە کێشەکە بکەین، زۆر شتی ڕاستی تێدایە کە تا ئێستا لە کورد شاردراونەوە و مەسڵەحەت و بەرژەوەندی و تا حەدیکیش تەنگ نەزەری حیزبی و باوەڕە ئیدئۆلۆژیکەکان و گرنگتر لە هەمو ئەمانە چەواشەکاری دەسەڵات و داگیرکەرەکانی کوردستان وایان کردوە کە زۆربەمان واقیعی ڕوداوەکان نەبینین، یان ئەگەر دەیبینین، بە شێوەیکیتر قەزاوەتی لە سەر بکەین و بە بۆچونی من تا ئێستاش بۆ تاقە جارێکیش نەم دیوە کە ڕێگاحەلێکی مەنتیقی بۆ کێشەی کورد لە شوێنێک باس کرابێت، ڕەنگە کرابێت و من نەم بیستبێت و ڕێگای باشتریش هەبێت و ئەم بۆچونەم هەڵە بێت، دەکرێت، خۆ قسە و تەحلیل ئایەی موقەدەسە نیە، بەڵام هەمیشە مەنتق ڕێگا حەلە! کام ڕێگا ئەم گەلە بە ئازادی و سەرئەفرازی و سەربەخۆیی دەگەیێنێت، ڕێگای مەنتقیە، گەیشتن بە سەرمەنزڵی سەعادەت، بە قەولی فارس، سەربەخۆی و سەربەخۆی و سەبەخۆیە و هیچی تر، هەمو ڕێگایکی غەیری ئەمە بۆ فەوتانت دەبات، بە دڵنیایەوە، ئەگەر وا نەبا، هەمو کەس وازی لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی دێنا و دەچو تێکەڵ وڵاتێکی دیکە دەبو، کێ لە مێژودا ئەمەی کردوە؟ دیارە کەس ئەمەی نەکردوە! ئەو وڵاتە مودێرنانەی کە بە پێشکەوتوترین مەقام گەیون، بە ژێردەستەبون بەم ڕۆژە نەگەیون، بەلکو بە سەروەری خۆیان بە سەر خۆیاندا! وڵاتی ئاڵمانی نایەکگرتو چی نەکرد تا لە دو وڵاتی و لە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی ڕزگاری بێت؟ ئایا ئێستا لە هەمو بوارێکدا بە هێزترە یا خۆ پێش ساڵی** 1990 **و پێش ڕوخانی دیواری بێرلین و یەکگرتنەوە و بون بە یەک وڵاتی یەکگرتوی بە هێز؟ دیارە ئێستا! ئەی بۆ کورد یەک نەگرێتەوە؟ عەقڵی کورد لە کوییە ئەمرۆ؟ ئایا ئوروپایەکان، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە هێشتا نەچونە ناو ئوروپای یەکگرتو، لە گەڵ ئەوەشدا کە حەول دەدەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان تێکەڵ ئوروپای یەکگرتو ببن، ئایا سەربەستی خۆیان وەلا دەنێن و دەچنە ناو بازاری ئوروپا؟ بە دڵنیایەوە نا. دەی کە واتە ئەساسی پرۆبلێمی کورد نایەکگرتویی و ناسەربەخۆییە!**

## ڕێگا تێئۆری و عەمەلیەکان چین و کورد دەبێت چی بکات؟

**لە دوارۆژی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و هەڵوەشانەوەی سیستەمی موتەمەرکیزی دەوڵەتی کۆماری لە ئێران، کورد سێ ڕێگای چارەنوسی لە سەر ڕێیە بۆ داهاتوی خۆی و هەم لازم و زەڕوریە و هەم مافی لە پسان نەهاتوی خۆیەتی کە**



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

خۆی بڕیاری چارەنوسی بدات، یا کوێخاکان بڕیارمان بۆ نەدەن و چارەنوسی منی تاک و تۆی تاک و ئێمەی کۆمەڵ بۆخۆمان بیدەین، بەلاّم بە بێ زانایی و لێکۆڵینەوەیکی زانستیانە و مەنتقیانە لەمەڕ ڕێگا حەلەکان، هەرگیز چارەنوسیکی ناڕۆشن و نادیار و غەیرە مەنتقی هەڵەمەبژێرە، یا لانیکەم ڕیگە مەدە بۆتی هەڵبژێرن!

<u>یەکەم ڕێگا حەلی پێشنیارکراو یا خۆ بە زۆر داسەپاو</u> بۆ حەلی کێشەی کورد کە لە لایەن عەقلی گشتی ئێرانچییەتی یان ئێرانیەکان و دو سێ حیزبی کوردستانیەوە باس دەکرێن واتە بیری خودموختاری کە ئێستا لە گۆڕنراوە و فیدراڵیزمی دێمۆکراتیک لە چوار چیوەی ئێرانە. بە بڕوای من ئەم دو ڕێگا حەلە، بە تایبەت ڕێگای دوهەم کە ئەمڕۆ زیاتر جەخت دەخرێتە سەری و منیش ڕەخنەکەم ڕوی لەوە، ڕێگە حەلن بەلاّم ڕێگە حەلی زۆر سادە و هاکەزایی و بی بنەڕەتی کێشەکانن و هاوکات ئەبەدەن <u>مەنتقی نین و شتێک کە مەنتقی تێدا نەبو هەرگیز نەی کەی باشترە!</u> بۆ ئەوەی کە کورد بەس <u>تا حەدێکی مەرزدار و مەحدود،</u> *(کەم و زۆریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ <u>زیرەک بون و یەکگرتو بونی کورد</u> و گرنگتر لەمانە ئەوەی کە لە گەڵ ڕێژمدا ئەم حیزب لە داخی ئەو حیزب خۆی نەفرۆشێت، بۆ ئەوەی کە زیاتر بۆ حیزبەکەی بیچڕێت و بەرژەوەندی گەل لە بیر بەرێتەوە)* لە دەسەلاّت و بردنەپێشەوەی کار و باری ناوچەیی خۆی شەریک دەکات و هیچیتر. ئەم ڕێگە حەلە سێ کێشەی زۆر سەرەکی و هێندێک وردە کێشەی تری هەیە کە من بەس جەخت دەخەمە سەر کێشە سەرەکیەکان:

یەکەم کێشە کە دێتە سەر ڕێگات ئەوەیە کە هەمو شتێکت دەبێت لە سەرەوە، لە پاڕلیمان و ئەکسەریەت یا زۆرایەتی قەبوڵی بکات، واتە دێمۆکڕاسی بە ڕێوە بەریت. دەی کوا فارس و ئازەری و شیعە کە زۆرایەتین، شت بە کورد دەدەن؟ گریمان ئەگەر سیاسەتمەدارەکانیش بیدەن، کە نایدەن، خەڵکەکەیان نایدەن و لە ڕێفراندۆمدا دژی ئەو سیاسەتە دەوەستن و لە ئاکامدا زۆرایەتی دەیباتەوە و کەمایەتی دەیدۆڕێنێت! ئەگەر جوان چاو لێبکەن و لێی وردبنەوە، لەم حاڵەتەدا تەنانەت دیمۆکڕاسیش موزیڕ و موخەڕیبە بۆ کورد!! کەواتە بە پێی ئەم مەنتقە، فیدڕالیزمی دێمۆکڕاتیک لە چوار چێوەی ئێراندا ڕێگای دروست نیە بۆ کورد و نەتەوە چکۆلەکانی تریش! بۆ ئەوەی کە لە هەمو حاڵەتێکدا زۆرایەتی دەیباتەوە، بۆ وێنە فارس لە ئازەری دەباتەوە، ئازەری لە کورد دەباتەوە، کورد لە بەلوچ وبەلوچ لە عەڕەب و عەڕەب لە تورکمان دەبەنەوە و هەر وا درێژەی دەبێت. لەم حاڵەتەدا و دواتر بۆ بەرژەوەندی زیاتری ئەم حیزب یا ئەو قەوم، ئیئتیلافاتی بەرژەوەندی خوازانەی کەمایەتیەکان لە گەل یەکتر دروست دەکرێن و ئەوجار شەڕی بەش دەست پێدەکات و هتد. جا کەواتە هەر فریای شەڕ دەکەوین، ئەی پێشکەوتن؟ ئەی ئەدەبیات؟ ئەی تێکنۆلۆژی و زۆر شتی تر؟

دوهەم ئەوەی کە تۆ کە کوردی هەر وا وەک جاری جاران لە کوردەکانیتر جیا کراویەوە و نە تۆ مافی قسە و دەخالەتت لە کار و باری کوردەکانی دیکەدا هەیە و نە ئەوانیتر مافی قسە و دەخالەتیان لە سەر تۆ هەیە و بەم مەنتقەش ئەگەر یەکێک لە کوردەکانیتر جینۆساید کران یا توش کێشە هاتن، تۆ بۆت نیە لە کار و باری ئەو وڵاتەی کە ئەوانی تێدایە دەخالەت بکەی و هەروەها ئەوانیش بۆیان نیە بێنە ناو کێشەی تۆوە! کە ئەمەش ئەوەندەی تر لاوازمان دەکاتەوە! (هەستی بە هێز بونی کورد کە لە یەکگرتنوەماندایە، بۆ چەوساندنەوە و سەرکوتی قەومیتر نیە و نابێت ئەم ئاکامەی لێ وەربگیرێت، بەڵکو بۆ سەروەری خۆم و پێشکەوتن و تەرکیز لە سەر بەرەو پێش چونم لە بوارەکانی عیلم و زانست و هتد لە ئاست نەتەوایەتیدایە و لە عەینی حالدا ڕەتکردنەوەی ناسیونالیزمی وشکیشە!)

سێهەم ئەوەی کە سەربەخۆیت قەت نیە و لە ئاکام دا سەروەریت نیە و لە هیچ بوارێکدا پێشکەوتن بە خۆتەوە نابینیت، چ لە باری فەرهەنگی و هونەری و بە تایبەت ئەدەبیەوە و چ لە باری ئابوری و تێکنۆلۆژی و چ لە باری سیاسی و کۆمەلاّیەتی و هتدەوە! ئەمەیان بە کەم مەگرن، ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ!



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

ڕێگا حەلی پێشنیارکراوی دوهەم، ئینترناسیۆنالیزم و یەکگرتویی پڕۆلێتاریای جیهان بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان و گەیشتن بە سوسیالیزم و پاشانیش خوڵقاندنی کومونیزم یا بەهەشتی سەر عەرزە کە لەویَ ئیتر چەوساندنەوە نیە و چەک نیە و شەڕ نیە و کاری بێگاری نیە و بیکاری نیە و هەمو کەس هەمو شتێک واتە ئەوەی پێویستی بێت هەیەتی و خوێندن و دەرمان و ریگا و بان هەمو بە خۆرایی بیت و پول و پارە لە دەست کەسدا نەبێت و هەر ئاسەواری نەمینیت و هاوکات بانکیش نەبێت، پاسپۆڕتیش نەبێت و دەبڕۆ لە کویَ دەژی، بۆخۆت بژی بە بی ئەوەی کە کەس لێت پرسیَ تۆ لەکوێوە هاتویی، بەس بڕۆ ناو بنوسە و سبەی کار بکە و لە کویَ خواردنت پیویست بو بەشی خۆت، ئەوەندەی لازمتە، نەک بە تەلیس و کارتۆن، هەڵگرە و بە زەوقی خۆت بژی و ئازاری کەس مەدە، کەسیش مافی نەبێت کە ئازارت بات و بە کورتی زیندان و پۆلیسیش نەمینێت!
بەخوا خۆشە ئەم بەهەشتە! بەڵام هەر لە یەکەم چاوپێکەوتنی ئەم ڕەستەیەدا تەسویرێکی ئوتۆپیایی یا خۆ ئارەزوی مەحاڵ دیتە مێشکی مرۆڤەوە و دەڵێت لیی گەڕیَ ئەمە خەونە! ئەلبەت من لەگەڵ ئەوەدام کە خەونە، بەڵام بە غەیرە مومکینی نازانم، بەس نەک ئەمڕۆ، ئەمڕۆ کێشەیتر زۆرن، ئەوە دابنێین بۆ نەوەکانی داهاتو، ئێمە دەبی بەرهەمی بێنین و بۆی تێبکۆشین، بەڵام وەک وتم، ئێمە وەک کورد کاری گرنگترمان لە پیشە جاریَ، دوایی دەلێم بۆ؟
بەڵام ئەگەر بێینەوە سەر عەرزی واقیع و ئەم ڕێگایە کە لە کوردستانیش هەر وەک هەمو جیهان هێندێک پەیڕەو و هۆگری هەیە، ڕێگا حەلێکی گەورە و ئینسانی (هیچ نەبی بە تێئۆری) و جیهانیە  و هەر بەم هۆیەش جێگای ڕێزە، بەڵام لە بەر ئەوەی کە بەس لە کوردستان نیە کە ئینسان دەچەوسێتەوە بەڵکو لە هەمو جیهان و تەنانەت لە ئوروپاش چەوساندنەوە هەیە و کێشەکە جیهانیە، و بە واتاییێکی تر ئەو کێشەی کە ئەم بۆچونە بە تەمایە حەلی کات بەس لە کوردستان نیە، بەڵکو لە هەمو قوژبنێکی ئەم جیهانە مەوجودە، نەتیجە دەگرین کە ئەو بارە زۆر قورسە و بەس بە کورد هەڵناگیرێت و سوسیالیزم بە وڵاتیکی وەک شۆڕەوی کۆن و چین کە بە هەردویان نیوەی جیهانن نەخولقا، بە کوردی هەژار کە هێشتا خانوەکەشی بۆ وەرناگیرێتەوە، چۆن دەخولقێت؟ بەڵکو هۆگرە کوردەکانی دەتوانن بەشێک بن لەو ئەرتەشی سوری جیهانیە و تێکۆشانی بۆ بکەن. بەڵام کێشەی ئاپارتایدی نەتەوایەتی و سەروەری ئەم گەلە بە سەر چارەنوسی خۆیدا، کە ئیستا کێشەی سەرەکی کوردە و بابەتی ئەم نوسراوەشە، ئەمڕۆ بەم تێئۆریە حەل نابێت، یا دەتوانین بڵێین کە ئەم تێئۆریە ئەسڵەن مەبەستی لا بردن و نەهێشتنی مەرزە دەستکردەکانە و دەتوانێت تەنانەت لە دژایەتی دروست کردنەوەی کیانێکی نەتەوەیی بیت بۆ کورد. هاوکات و بە مانایێکی تریش بۆ ئەوەی کە ئەم تێئۆریە باوەڕیشی بە سەرئەفرازی مرۆڤەکان هەیە (مرۆڤ نەک نەتەوە)، و جەرگی دەسوتێت کاتێک کورد وەک مرۆڤ جینۆساید دەکرێت دەشتوانێت بڵێت ئەو بەشە لە مرۆڤایەتی (گەلی کورد) بۆ ئەوەی کە مرۆڤی تر نەی چەوسێننەوە و جینوسایدی نەکەن، دەبێت کیانێکی سەربەخۆی ببێت و وەک هەمو وڵاتێک خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت، با لانی کەم بەری چەوساندنەوەی ئەمان لە لایەن قەومی ترەوە یا مرۆڤی ترەوە بگیرێت، هاوکات و بە دوا ئەودا مەشغوڵ بێت بە دروست کردنی ئەرتەشی پڕۆلێتاریا لە کوردستان. چونکو ئێستا ئەم ئەڕتەشەی بۆ دروست ناکرێت و لە دوا رۆژیشدا کە گریمان هەمو ئەڕتەشەکان دامەزران، ئەرتەشی پڕۆلێتاریای کورد ناویشی نابێت، بۆ ئەوەی کە بە کورد دەڵێن، تورک و عەڕەب و ئێرانی! لە لایێکی ترەوە و هەر لەمەر ئەم بۆچونە لێنین ڕێبەری لێهاتوی بلشویکەکان باوەڕی بە مافی چارەی خۆ نوسین هەتا جیا بونەوەی نەتەوەکان بو و ئەمە خۆی تەناقوزاتێک دروست دەکات، کە ئایا بیلئەخەرە لە بۆچونی مارکسیستەکاندا نەتەوە بونی هەیە یا نیەتی و ئایا ئەمان بونی نەتەوە بە ڕەسمی دەناسن یا بە ڕەسمی ناناسن؟ ئەگەر ئەم بۆچونە پێی وایە کە نەتەوە بونی هەیە و بە ڕەسمی ناناسن، ئەوا کێشەیان لە گەڵ خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی کە نەتەوە بونی هەیە و واقیعیە. هەر بۆیە من پێشتر لە نوسراوەیتردا باسم کردوە کە مارکسیزمیش ئایەی موقەدەس نیە و قابیلی دەسکاریە و لە گەل ڕەوتی ئاڵ و گۆڕەکانی



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

جیهانی ئەویش دەبێت خۆی بگۆڕێت و ئەمڕۆ نەتەوەی کورد داوای خانوەکەی خۆی دەکاتەوە! و چەپ دەبیت پشتیوانی لێ بکات، هیچ ڕێگایکی تری نیە، حەلی کێشەی جیهان و چەوساندنەوە لانیکەم لە کوردستان دابنێین بۆ دوای سەروەری! با ئێمەش تۆزێک بای باڵی خۆمان بەین و هێندێک بجوڵێین و هونەرمان بنوینین و خوڵقیاتمان نیشان جیهان بەین و ڕۆمانەکانمان خەڵکی جیهان بیخوێننەوە و شانۆکانمان ببینن و فیلمەکانمان ببینن و لێهاتویی وەرزشکارەکانمان ببینن و نەڵێن کورد هەر هیچ نازانێت. خۆ کورد لە گەل ڕێزمدا گۆج نیە، هەموشتێک دەتوانین بەڵام ڕێگامان لێگیراوە و دەستمان بەستراوە تۆ ناتوانیت کۆترێک یا باڵندەێک بخەیە ناو قەفەسیکەوە و پاشان پێی پێ بکەنی و بلەی بابە وەڵا کۆترێکی تەنبەڵ و خراپە، فڕینیش نازانێت! لە حاڵێکدا وا نیە تۆ مەیخە قەفەس بزانە دەتوانیت بفڕێت یا نا و تەنانەت پشتەکیشت بۆ لێدەدات لە ئاسمان!  با ئیتر لاوانی وەرزشکاری کوردیش وەک من، نوسەری ئەم بابەتە نەبنە نوسەر و سیاسەتمەدار، بەڵکو وەرزش بکەن، بۆ ئەوەی کە لە ئاکامدا نە نوسەر دەردەچن و نە سیاسەتمەدار و نە وەرزشکاریش دەمینن، واتە لە هەردو لا دەبن!!

<u>ڕێگا حەلی پێشنیاری سێهەم چیە؟</u>

درێژەی هەیە......

8ی پوشپەڕی2707



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com